# یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی رزگاریخوازیی بزووتنەوەی کورد

**یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد**

بەپێی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستانی عێراق سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانیی عێراق ئەم یاسایەی دەرکرد:

**یاسای ژمارە «٢» ی ساڵی/١٩٩٢**

**هەڵبژاردنی سەرکردەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد**

## بەشی یەکەم

**حوکمە گشتییەکان**

مادەی یەکەم:

گەلی کوردستانی عێراق بەرادانی گشتی و نهێنیی راستەوخۆ سەرکردەیەك بۆ بزووتنەوە رزگاریخوازییەکەی هەڵدەبژێرێ کە نوێنەرایەتیی دەکاو لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا بەناویەوە دەدوێ.

مادەی دووەم:

ماوەی فەرمانرەوایی سەرکردە چوار ساڵ دەبێ.

مادەی سێیەم:

رادان لەکاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیدا دەکرێ و هێندەی پەیوەندیی بە دەنگدان و جوداکردنەوەی دەنگەکان وراگەیاندنی ئەنجامەوە هەبێ و کە لەگەڵ حوکمی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبن، حوکمی بەشی هەشتەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - ژمارە (١) یسالی/١٩٩٢ بەکار دەخرێ.

مادەی چوارەم:

ئەنجومەنیی نیشتمانی مووچەی سەرکردە بە یاسایەك دیاری دەکا.

## بەشی دووەم

مەرجەکانی پاڵێوراو و دەنگدەر

**مادەی پێنجەم:**

پاڵێوراو دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابن:

١- تەمەنی لەکاتی هەڵبژاردندا لەچل ساڵ کەمتر نەبێ.

٢- هاووڵاتیی کوردستانی عێراق بێ و تێیدا نیشتەجێبێ.

٣- هەموو مافێکی مەدەنی و سیاسی هەبێ.

مادەی شەشەم:

دەنگدەر دەبێ ئەو مەرجانەی تێدا هەبن کە لە مادەکانی «١٩، ٢٠» ی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی ژمارە ((١)) ی ساڵی /١٩٩٢ دادیاری کراون.

## بەشی سێیەم

پاڵاوتن و هەڵبژاردن

**مادەی حەوتەم:**

١- داوای خۆ پاڵاوتن پێشکەش بەدەستەی باڵای سەرپەرشتکاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان دەدرێ و دەبێ بەلایەنی کەمەوە لەپانزە رۆژ پێش کاتی دەسپێکردنییەوە بێ.

٢- دەستە دەبێ لەماوەی دوو رۆژدا لە رۆژی پێشکەش کردنەوە، بریاری خۆی سەبارەت بە داوای خۆ پاڵاوتنەکە بدا.

٣- پاڵێوراو بۆی هەیە بریاری پەسندنەکردنی داواکەی لەلای دادگای ((استئناف)) ی کوردستان بەسیفەتی تەمیزی لە ماوەی دوو رۆژدا بەرپەرچ بداتەوە.

٤- دادگا دوابریار لەسەر بەرپەرچدانەوەکە دەردەکاو لەماوەی دوو رۆژدا لەرۆژی پێشکەش کردنی یەوە ئاشکرای دەکا وپاڵێوراو لە رۆژی دەرچوونییەوە بە پێزان ((مبلغ)) دادەنرێ.

٥- دەستەی باڵا بەلایەنی کەمەوە پێش حەوت رۆژ لەکاتی هەڵبژاردنەوە ناوی پاڵێوراوان رادەگەیەنێ.

**مادەی هەشتەم:**

ئەوەی لە هەڵبژاردندا زۆربەی موتڵەقی دەنگی رادەرانی وەدەست هێنا بەسەرکەوتوو دادەنرێ.

## بەشی چوارەم

ئەرکو دەسەڵاتەکانی سەرکردە.

**مادەی نۆیەم:**

سەرکردە پێش ئەوەی دەست بەکارەکانی بکا لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستاندا ئەم سوێندە دەخوا:

((بە خوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزییەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەلو خاکی کوردستانی عێراق بکەمو رێز لە سەروەریی یاساو پێڕەوی ناوخۆ بگرم و بەرژەوەندییەکانی گەل رەچاو بکەم وبێ جیاوازی ماف رۆڵەکانی بپارێزم و گوێ رایەڵی ئەو پەیوەندییە بم کە ئەنجومەنی نیشتمانی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا بریاری لەسەر دەدا))

گەلەوە لە رووی هەر دەسدرێژیەكدا لە هەر لایەكەوە بكرێتەسەری .

٢.وەزارەت ئەو ئەركەی لەبەندی (١)ی سەرەوەدا وتراوە بەجێ دێنێ لە رێگەی :

أ) دەستنیشانكردنی ژمارەی پێویست لە پێشمەرگەو یەكخستنی هێزەكانی

ب) پێكهێنانی وەحداتی نیزامی .

جـ) مە شق پێكردن وسازدانیان لە رووی زانستی یە وە وبە كردە وە (عملي) بە مە بە ستی بە رزكـردنـە وە ی رادە ی جە نگاوە ری وڕۆشنبیری یان، لە رێگـە ی كردنــە وە ی مەڵبــە ندو قوتـابخـانــە ودام ودە زگـای مە شق و فێركردنە وە بویان.

د)دابـین كردنی گشت پێویستی یە كانی (چــە كداری، كە ل ویە ل، نیشتــە جیٚ كردن، ئازووقــە، مووچــە، كاروبـاری ژمـێریاری وهــە ر خزمە تگوزاری یە كی تر

**مادە ی چوارە م**:وە زارە ت لە م دە زگایانە ی خوارە وە پێكدێ :ـ

١ـ **دیـوان**: ئە فسە رێك سە ڕۆكایە تی ی دە كا كە سە رپە رشتی ی ئە م نووسینگانە دە كا:

أـ نووسینگە ی وە زیر.

ب ـ نووسینگە ی بریكاری وە زارە ت .

جـ ـ نووسینگە ی ئە نجومەنی راوێژكاری وە زارە ت .

٢ـ سە رۆكایە تی ی دە ستە ی ئە ركانی گشتی كە پێكدی لە:

أـ دایە رە ی سە رۆكی دە ستە ی ئە ركانی گشتی .

ب ـ دایە رە ی یاریدە دە رە كانی دە ستە ی ئە ركانی گشتی .

جـ ـ ئە و دایە رانە ی تر كە بە سە رۆكایە تی ی ئە ركانی گشتی یە وە دە بە سترێنە وە

د ـ سە ركردایە تی یە كانی ناوچە كان .

٣ـ ئە نجومە نی راوێژكاری وە زارە ت .

أ) ئە نجـومــە نێكی راوێژكــاری یە كە مافی رادە ربـڕین وپێشكە شكردنی پێشنیازی بۆ وە زیر لە سنووری ئە م یاسایە دا هە یە. ئە نجومە نە كە ش بە م شێوە یە پێكدی:

**یە كە م: ئە ندامە بنچینە یی یە كان كە ئە مانە ن:**

١ـ سە رۆكی ئە ركانی گشتی .

٢ـ یاریدە دە رە كانی سە رۆكی ئە ركانی گشتی .

٣ ـ سە ركردە كانی ناوچە كان .

دووە م: ئە ندامە راوێژكارە كان: هە ر ئە فسە رێك كە ئە نجومە ن بریاری ئامادە بوونی بدا .

ب ـ دە سە ڵات وئــە ركــە كانی ئە نجـومــە ن بە بڕیرە وێــك دە ستنیشان دە كرێن كە وە زارە ت دە ری دە كا .

٤ـ دادگای تە میزی سە ربازی

٥وەزارەت بۆی هەیە دەستەیكی كاتی لە كارمەندان وپسپۆرانی كاروباری پێشمــەگــەو سەربـازی، بۆ دەستنیشـانكـردنی ژمـارەی پێشمــەرگەو یەكخستنیان پێك بێنێ .

**مادەی پێنجەم** : سەرۆكایەتی دەستەی ئەركانی گشتی نەخشەی جێ بەجێ كردن پێویست بۆ بە دیهێنانی ئەو ئەركانە دادەنێ كە لە مادەی سێیە ئەم یاسایە دان .

**مادەی شەشـــەم** : وەزارەت بووجــەی گشتی وەزارەت و ئەو وەحـــدە تەنزیمیـیانە ئامادە دەكا كە پێوەی بە ستراونەتەوە .

**مادەی حەوتــەم** : قەوارەی رێكخستنی وەزارت بە پەیـرەوێكی تایبــەتی ئامــادە دەكـرێ بە جۆرێـك كە ئامانجەكانی بە دی بێنێ و كاروباری پێشمەرگە لە رووی سەربازی و ئیداریی و دارایی و هونەری یەوە بە رێوە بێا .

**مادەی هەشتەم**:

١) بەخشینی پلە (رتبە)ی هەمیشەیی وكاتی بەپێی یاسا رەچاوكراوەكان دەبێ .

٢) وەزیـر بۆی هەیـە بەپێی پێو یستی و حاجەت و لەسەر ئامۆژگاری لیژنەی پەیوەندداراو لە وەزارەتدا ، ئەو عەسكەریانە بگێڕێتەوە كە بە هۆی كوردایەتی یەوە لە خزمەت دابڕاون .

**مادەی نۆیەم** :

وەزیـر بۆی هەیـە هەنـدێ لە دەسەڵاتەكانی بە بریكاری وەزارەت یا ـ سەرۆكەكانی دایەرە سەرەكی یەكانی وەزارەت بسپێرێ.

**مادەی دەیەم** :ئەم یاسایە هەموو ئەو دەستانەی وەزارەتیان لێ پێكدێو هەروەها دەزگاو تەشكیل و وەحدە بەستراوەكان بەوەزارەتەوە هەموو ئەو كەسانەی لەچوار چێوەی وەزارەتدا بە عەسكەریو مەدەنییەوە ئەركیان پێ سپێردراوە دەگرێتەوە.

**مادەی یازدەیـــەم**:ئـــەم یاســـایــە لە ڕۆژی پەســـنـد كردنیو بریـــار لەسەردانییەوە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانەوە كاری پێ دەكرێ.

**مادەی دوازدەیـــەم**:ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەكرێتەوەو وەزیری پەیوەنداروگشت وەزارەتە پەیوەند دارەكانی تر دد بێ جێ بەجێی بكەن.

### هۆیەكانی دەركردنی ئەم یاسایە

**لەبــەر پێویستیی یەكخستنی هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستان و پێویستیی هەرێمی كوردستان بە هێزێكی رێك و پێك بۆ پاراستنی ئاسایش وچەسپاندنی دەسەڵاتی یاساتیایدا وبە رگری لێ كردنی بە خاك و گەلی یەوە و چارە سەر كردنی دیاردەی چەكداری ، هەروەها بۆ بایــەخ پێـدان و رێـزلێنـانی رۆڵی قارە مانانە و خەباتگێڕانەی هێـزەكـانی پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١).وە تاكو ئێستا ، ئەم یاسایە دەركرا.**

جوهر نامق سالم

**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق**